الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# ئێمە نـــــامانەوێ بمـــــان نێرنەوە

## خۆپیشاندانی شکۆداری پەنابەرانی کورد لەبەرامبەر سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆر لەشاری مانچستەر




لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق رۆژی 19-1-2007 خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لەشاری مانچستەر بەردەم( دالاس کۆرت) بنکەی ئیمزای پەنابەران بەرپا کرا ، دژ بەگیرانەەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان کە ماوەیەکە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دەستی کردوە بە گرتنی پەنابەرانی کورد لەکاتی ئیمزاکردن و بریارە رۆژی 27 ئەم مانگەوە بەبێ رەزامەندی خۆیان رەوانەی کوردستان بکرێنەوە.

کاتژمێر 12 نیوەرۆ لافیتەکانی فیدراسیۆن بەدروشمی (نا بۆ گەرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان ،ئێمەنامانەوەێ بمان نیرنەوە،ماف پەنابەری ماف ئینسانە ،مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کورد،گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران راگرن ،کوردستان ناجیگیرە ،عیراق نائەمنە...) بەرزکرایەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەپەنابەران بەشداریان کرد،هاوکات ژمارەیەك پەنابەر کە بریار بوو هەمان رۆژ لەو بنکەیە ئیمزا بکەن دلەراوکێ گرتن نائومیدیەك یەخەی پێگرت بوون کاتێك هاوکارانی خۆیان لەبەردەم دالاس کۆرت بینی کە پەنابەران یەك دەست و یەکگرتووی هاتوونەتە مەیدان دژ بەگرتن و گیرانەوەی پەنابەران ، ئەوپەری احساسی یەگرتووی و بێ ترس ئیمزایان دەکرد و دەهاتنە نیو خۆپشاندانەکە درۆشمەکانی فیدراسیۆنیان دەووتەوە ،کارمەندانی ئەو بنکەیە وەختێ دەنگی نارەزایەتێکانی پەنابەرانیان پێگەیشت بێ هیچ لێ پرسینەوە هەر پەنابەرێك دەیان زانی خەڵکی عیراقی ئیمزایان پێدەکردن بە پەلە لەبەردەم دەرگاوە بەریان دەکرد.

پاشان (بورهان فەتاح ،دەشتی جەمال،عوسمان فەتاح) لەلایەن فیدراسیۆنەوە پەیتا پەیتا قسەو باس و شیعاری جۆراجۆریان بە یەك دەنگ لەگەل پەنابەران دەوتەوە و هەروەها لەسەر مەترسی یەکانی گیرانەوەی پەنابەران و بارودۆخی نائەمنی عیراق و کوردستان و یەکگرتووی یەك ریزی پەنابەران و رێکخراوە پەنابەریەکان قسەو باسیان دەکرد، هاوکات نۆینەری فیدراسیۆنی سەرتاسەری ئیرانی (سازمان سراسری پەناهاندگانی ئیرانی) ووتاری پشتیوانی خۆیان لەخۆپشاندانی فیدراسیۆن دووپات کردەوە و ژماریەکیان بەشداریان کرد وە هەوەها نۆینەری رێکخراوە کوردیەکان لەشاری مانچستەر بەشداری و پشتیوانی خۆیان کرد لەم خۆپشاندانە.

لەسەر هەنگاوەکانی دواتری فیدراسیۆن قسەو باسکرا و بریار درا لەدریژی ئەم کەمپینەی فیدراسیۆن سەردانی ئەندام پەرلەمان بکریت وخیمەی تەبلیغاتی لەناوەندی ئەو شارە دابنرێ و ئیمزای پشتیوانی بۆ پەنابەران کۆبکریتەوە و بەشداری لەخۆپشاندانی 24-1 بەردەم وەزارەتی ناخۆی لە لەندەن بکرێت ،لەسەر پەنابەرە گیراوەکان بەدوا چوون بکریت بۆ هاوکاریان.

ئەم خۆپشاندانە نیشانی دا یەکگرتووی و یەك ریزی و هاتنە مەیدانی پەنابەران هەنگاویەکە بۆ بەرپەچ دانەوەی ئەم سیاسەتەدژی ئینسانی یەی دەولەتی بەریتانیا ،ئەمە پەیامی **نـــا** یەکی گەورە بوو دژ بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد، فیدراسیۆن لەریزی پێشەوەی خواستو نارەزایەتیکانی پەنابەران دژ بەگیرانەوەی

بەزۆر راوەستاوە بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازو رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کریکاریی یەکانی بەریتانیا ،لەگەل ئێمە بن ئەمە تەنها ریگای بەرگرتنە بەسیاسەتی دیپۆرتی دەولەت.

**رێکخراو بوون و یەکگرتنمان مەرجی سەرکەوتنمانە!**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-1-21

---

**پەیوەندی کردن بە فیدراسیۆن بەدەشتی جەمال ژمارەی موبایل(07856032991) بورهان فەتاح بەژمارەی (07929010257) وجاسم غفور بەژمارەی(07877489626)**

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk